# عیـــراق

## پەخشـــنامەی ســـــندووقی فــراوانی بەدەنگەوەهــاتنی مرۆڤایەتی (ERF)

**ژمــارە 18- ئــاداری 2009**

سندووقی فراوانی بەدەنگەوەهاتنی مرۆڤایەتی (ERF): سندووقی فراوانی بەدەنگەوەهاتنی مرۆڤایەتی بە ئامانجی یارمەتی دانی پڕکردنەوەی بۆشایی مرۆڤایەتی هەرە گرنگە لە نێوان کەرتە جیاجیاکان لە ڕێگای پارەبەخشینی ساناى ئامادەی بەردەست بۆ بەدەنگەوەهاتنی کتوپڕ بەمەبەستی: 1. ڕزگارکردنی ژیان و پاراستنی ئەو ژیانانەی هەڕەشەی لێکراوە، 2. دابین کردنی پێداویستی مرۆڤایەتی سەرەکی بۆ ماوەی کەم، 3. بەدەنگەوەهاتنی باری ناکاوی مرۆڤایەتی ئاڵۆزی کتــوپڕ. ئەوپــەڕی بەخشین 400,000 دۆلارە. داهاتەکانی ERF دابینی پێداویستیەکان دەکات کە لە ئە نجامی کارەساتی سروشتی یا کێشە پەیوەنددارەکان بە شەڕ و ناکۆکی دێتــە ئاراوە.

## زانیاری تازەی کردەنی

### سندووقی فراوانی بەدەنگەوەهاتنی مرۆڤایەتی (ERF)

***پڕۆژە و باری دارایی:***

**پێنج پڕۆژەی ERF لە ژێر جێبەجێ کردن دایە لە کۆتایی ئاداری 2009. هەشت پڕۆژەش پەسەند کرا بە چاوەڕوانی خەرج کردنی پارە بە بڕی گشتی 774,852 دۆلاری ئەمریکی.**

**شەش پێشنیار وەرگیرا لە ماوەی ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە بۆ دابین کردنی پەناگە و کەل و پەلی ناخۆراکی لە بەغدا و ئەنبار و زی قار و کەرکوك، و پڕۆژەیەکی ئاو و ئاوەڕۆکان لە بەغدا و پڕۆژەیەکی پەناگە و کەل و پەلی ناخۆراکی لە سلێمانی.**

**بەگشتی، لێژنەی پێداچوونەوەی تەکنیکی (TRC) سەر بە ERF 59 پێشنیاری پڕۆژەی پەسەند کردووە لەوەتی 2007. سەد و نۆزدە چالاکی کە بریتی بوون لە تەندروستی و ئاو و خۆراك و کەل و پەلی ناخۆراکی ئەنجامدراوە لە سەرانسەری عیراق کە ژمارەی زۆریان لە بەغدا (26)، و دیالە (13)، و کەربەلا (10)، و بابل و نەجەف (8) بوو. لەم پڕۆژە پەسەند کراو و پارە پێ بەخشراوەندا، 46 تەواوکراوە، و دوانزە پڕۆژە بە سەرجەمی گۆژمەی نزیکەی 1,704,640 دۆلار ئێستا لە ژێر پێداچوونەوە دایە، و دوو پڕۆژە هەڵواسراوە بۆ زانیاری زیاتر لەلایەن ڕێکخراوی ناحکومی.**

| پڕۆژە پەسەندکراوەکان | | | | |
|---|---|---|---|---|
| **کەرت** | **شوێن/ پارێزگا** | **ژمارە و جۆری سوودمەندان** | **گۆژمەی داواکراو (دۆلاری ئەمریکی)** | **ماوە** |
| ئاو | ئەنبار | 25,00 خێزانی ڕاگوێزراو و کۆمەڵگای میواندار | 51,400 | چاوەڕوانی خەرجکردنی گۆژمە |
| پەناگە | ئەنبار | 480 خێزانی ڕاگوێزراو | 60,083 | چاوەڕوانی خەرجکردنی گۆژمە |
| پەناگە | کەرکوك | 477 خێزانی ڕاگوێزراو کە ئافرەت بەڕێوەی دەبات و پەککەوتە | 164,123 | چاوەڕوانی خەرجکردنی گۆژمە |
| کشتوکاڵ | زی قار | 1000 خێزانی گەڕاوە و کۆمەڵگای میواندار | 36,815 | |
| تەندروستی | واست | 6600 نەخۆش لە خەڵکی ڕاگوێزراو و کۆمەڵگای میواندار | 121,580 | |
| پەناگە | کەرکوك | 347 خێزانی بێوەژن لە کۆمەڵگای میواندار و خەڵکی ڕاگوێزراو و گەڕاوە | 48,711 | |
| ئاو | نەینەوا | 450 خێزانی ڕاگوێزراو و کۆمەڵگای میواندار | 142,610 | |
| کشتوکاڵ | دهۆك | 409 خێزانی کۆمەڵگا | 149,530 | |
| **پڕۆژەکانی لەژێر پێداچوونەوەدایە** | | | | |
| **کەرت** | **شوێن/ پارێزگا** | **ژمارە و جۆری سوودمەندان** | **گۆژمەی داواکراو (دۆلاری ئەمریکی)** | **ماوە** |
| ئاو و ئاوەڕۆکان | بەغدا | 1200 خێزانی ڕاگوێزراو و کۆمەڵگای میواندار | 260,305 | لەژێر پێداچوونەوەیە/TRC |
| پەناگە و خۆراك دەستەبەری | سلێمانی | 438 خێزانی ڕاگوێزراو | 133,888 | لەژێر پێداچوونەوەیە/TRC |
| پەناگە | بابل | 650 خێزانی ڕاگوێزراو و کۆمەڵگای میواندار | 175,648 | لەژێر دوا پێداچوونەوە دایە |
| پەناگە | زی قار | 1000 خێزانی ڕاگوێزراو و کۆمەڵگای میواندار | 200,000 | لەژێر پێداچوونەوەیە/NGO |
| تەندروستی | دیالە | 505 تاك لە خێزانی ڕاگوێزراوە و کۆمەڵگای میواندار | 124,650 | لەژێر پێداچوونەوەیە |
| فێرکردن | بەغدا | 3485 منداڵی قوتابخانە | 188,573 | لەژێر پێداچوونەوەیە/TRC |
| فێرکردن | نەجەف | 3250 منداڵی قوتابخانە و 5,250 نەخۆش | 253,438 | لەژێر پێداچوونەوەیە/TRC |
| پەناگە | بەغدا | 500 خێزانی بێوەژن | 52,650 | لەژێر دوا پێداچوونەوەیە |
| ئاو | موسەننا | 520 خێزان | 53,885 | لەژێر پێداچوونەوەیە/کەرت |
| پەناگە | کەرکوك | 423 خێزانی ڕاگوێزراوە کە ئافرەت بەڕێوەی دەبات | 147,798 | لەژێر پێداچوونەوەیە |
| فێرکردن | زی قار | 950 قوتابی لە خەڵکی ڕاگوێزراو و کۆمەڵگای میواندار | 88,805 | لەژێر پێداچوونەوەیە/کەرت |
| پەناگە | قادسیە | 200 خێزان | 25,000 | لەژێر پێداچوونەوەیە/TRC |

## باری بالانسی ERF

**سەرجەمی بالانسی ERF:** 13,041,867 دۆلاری ئەمریکی

(دوای بڕینی 3٪ بۆ تێچووی بەڕێوەبردنی سندووق)

**بەهای پێشنیارەکانی:**

**لە ژێر پێداچوونەوە دایە:** 1,704,640 دۆلاری ئەمریکی

**هاوبەشی بەخشەرەکان بۆ ERF**




**کۆی گشتی بەخشینە وەرگیراوەکان:** 21,864,766 دۆلار

**بالانسی ئێستا** 13,774,875 دۆلار (دوای بڕینی 3٪ بۆ بەڕێوەبردنی سندووق)

## چەند راستیەك دەربارەی سندووقی فراوانی بەدەنگەوەهاتن ERF:

- ERF هەڵدەستێت بە بەخشینی پارە بە شێوەیەکی خێرا بە رێکخراوە نیشتمانی و نێودەوڵەتیەکان بۆ هەڵسان بە کاری مرۆڤایەتی دەستبەجێ لە عێراق بەمەبەستی کەمکردنەوەی کێشە و ئازاری هاوڵاتیان لە رێگای بەدەنگەوەهاتنی دەستبەجێی پێداویستیە مرۆڤایەتیەکان. سوودمەندانی نموونەیی پڕۆژەکانی لەلایەن ERF گوژمەی بۆ دەدرێت بریتین، وەك نموونە، لە خەڵکی راگوێزراو و کۆمەڵگا کارتێکراوەکان بەهۆی توندوتیژی و بێوەژن و خەڵکی پەککەوتە. ئەمەو مەبەستی ERF بەدەنگەوەهاتنی کێشەی کۆمەڵایەتی درێژخایەن یا ئاوەدان کردنەوە یا هەر پێداویستەیەکی گەشەسەندنی درێژخایەنی تر نیە.
- ERF هەوڵدەدات پارە بۆ سندووقەکە دابین بکات لە رێگەی بەخشینی تازە لەسەر بنچینەیەکی بەردەوام. سندووقەکە بەلای زۆر 400,000 دۆلار و بەلای کەم 25,000 دۆلار دەبەخشێت بۆ هەر پرۆژەیەك.
- پارە بەخشینەکان بە ERF بە شێوەیەکی کۆکراوە و دیاری نەکراو رەفتاری لەگەڵ دەکرێت، واتە ناسنامەی بەخشەر وون دەبێت.

### لێژنەی پێداچوونەوەی تەکنیکی (TRC)

لێژنەی پێداچوونەوەی تەکنیکی پێکهاتووە لە نوێنەرانی رێکخراوە نێودەوڵەتیەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان (UNICEF و IOM)، و بەخشەرەکان (ئیتالیا و نەرویژ)، و رێکخراوە ناحکومیەکان (ئەنجوومەنی پەنابەرانی دانیمارکی) (DRC) و تیر دێز ئۆم (TDH). لێژنەی پێداچوونەوەی تەکنیکی (TRC) پەیمانی ERF ی بژاردکراو ی پەسەند کرد.

## پەیمانی نوێی ERF :

پەیمانی نوێی ERF لەلایەن لێژنەی پێداچوونەوەی تەکنیکی و رێکخەری مرۆڤایەتی پەسەندکرا و دەرچوو. لە نێوان گۆرانکاریە سەرەکیەکان (تکایە بڕوانە دانەی تەواوی پەیمانەکە)، ئاماژە بۆ ئەمانە دەکەین:

- ئامانجی بژارکراو و پێشترێتی کردن کە مەبەستی زیان پێ گەیشتن بێت نەك بارەکە.
- شێوازی فۆرمی هەڵسەنگاندنی خێرای پێداویستیەکان بۆ رێنمایی کردنی داواکاران.
- رێکخراوی ناحکومی ناوخۆی ی ئێستا لێهاتوون بەبێ هاوبەشی لەگەڵ UN یا رێکخراوە ناحکومیە نێودەوڵەتیەکان. ئەوەی پێویستە نامەیەکی راسپاردە یا زیاتر یان هەڵسەنگاندنی جێبەجێکردن لە UN یا رێکخراوێکی ناحکومی نێودەوڵەتی یا بەخشەرەکان کە تیشك بخاتە سەر توانای دانەدەست (کەرتەکان و بودجەکان)، هەروەها کاری مرۆڤایەتی سەرکەوتووی پێشوو و لەوانەیە راو بۆچوونی سوودمەندان.
- پەسەندکردنی پێشنیارەکان لەوانەیە 17 رۆژی کاری بخایەنێت ئەگەر هاتوو هیچ بچاردنێك پێویست نەبوو (لە کاتی تەنگوچەڵەمەی مرۆڤایەتی ئاڵۆز ماوەکە دەکرێت بە نیوە).
- پێدانی دارایی: 5٪ تێچووی بەڕێوەبردن بۆ هەاوبەشانی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی، 3٪ بۆ باری ناکاوی (خەرج دەکرێت بە رەزامەندی OCHA)، رێنمایی زیاتر لەسەر پرۆسەی پێشکەش کردنی تەندەر، سەرمایە نیە بۆ هاوبەش.
- زیاتر جەخت کردن لەسەر چاودێری کردن و هەڵسەنگاندن.
- رێکخستنی کۆمەڵێك راهێنان بۆ هاوبەشان لەسەر رێنماییەکانی ERF و بەڕێوەبردن لەسەر بنچینەی ئەنجامەکان.




OCHA
United Nations Office
for the Coordination of
Humanitarian Affairs

دەتوانرێت پەیمانی نوێی ERF، فۆڕمەکانی داواکاری و راپۆرت دانان و هەڵسەنگاندنی خێرای پێداویستیەکان، بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی، لە وێبسایتی OCHA عیراق دابەزێنرێت.

یا داوابکرێت لە رێگای ناردنی ئیمێل بۆ http://ochaonline.un.org/Default.aspx?alias=ochaonline.un.org/Iraq

یا ochairaq@un.org

## ERF لە بەغدا: راهێنان بۆ رێکخراوە ناحکومیە عیراقیەکان:

راهێنانێکی ERF دانرا لە بەغدا بۆ هەشت پارێزگای ناوەڕاست لە 8 ی نیسانی 2009 بۆ 35 نوێنەری رێکخراوە ناحکومیە عیراقیەکان. راهێنانەکە ئەم بابەتانە دەگرێتەوە: پەیمانی ERF: تایبەخۆ سەرەکیەکان و تێگەیشتنی ئامانجەکانی، چۆنیەتی پڕکردنەوەی فۆڕمەکانی داواکاری، چۆنیەتی ئامادەکرنی هەڵسەنگاندنی خێرا بۆ پێداویستیەکان، هۆکارەکانی سەر بەڕێوەبردن لەسەر بنچینەی ئەنجامەکان، شێوازە تەکنیەکانی راپۆرت دانان.

ئەم راهێنانە راهێنانی هەمەجۆری تری لە دوا دەبێت کە تەرخان دەکرێت بۆ رێکخراوە ناحکومیە ناوخۆییەکان لە باکوور و باشووری عیراق (لەوانەیە هەولێر و بەسرە) لە ماوەی مانگی ئایاری 2009. هەروەها راهێنانێکی تایبەت بۆ رێکخراوە ناحکومیە نێودەوڵەتیەکان ساز دەکرێت لە عەممان.

## چیرۆکی سوودمەندێک:

ئەبو غرێب کە دەکەوێتە رۆژئاوای پارێزگای بەغدا دووچاری بەشی خۆی بوو لە سەختی و ناخۆشی بە درێژایی شەڕی عیراق. دانیشتوانی دەئاوسێن و نەمان بەهۆی راکردن لەو تەندوتیژی و چەوساندنەوەی لە شارەکە روویدا، و ئەوانەی گەیشتنەوێ بەدوای پەناگەیەکی دڵنیا لەگەڵ خێزان و هاوڕێکانیان. توندوتیژی و جموجۆڵی دانیشتوانان کاریگەرێکی وێرانکەری هەبوو لەسەر ژێرخانی ناوخۆیی کە ژیانی بەشێوەیەکی تایبەت سەخت کردووە بۆ تاك و خێزانی عیراقی کە ئێستا لەوێ دەژین.

کۆمەڵەی زانست بۆ ئافرەتی عیراقی (K4IWS)، کە رێکخراوێکی ناحکومی ناوخۆیە لە ساڵی 2003 دامەزرا، کاری کردووە بەرەو پاڵپشتی کردنی ئافرەتان و خێزانان لە رێگای بەرنامەکانی لە بواری پزیشکی و فێرکاری و یارمەتی خۆراکی لە ئەبو غرێب. لە تشرینی یەکەمی 2007، K4IWS یەکەم یارمەتی پێشکەش کرد بە بەرنامەیەکی شەش مانگی لە رێگای سندووقی بەدەنگەوەهاتنی باری ناکاوی OCHA کە جەختی کردە سەر سەنتەرێکی پزیشکی K4IWS کە هۆشداری و یارمەتی پێشکەش دەکات بۆ کۆمەڵگای ناوخۆیی لە رێگای دابین کردنی پشکنینی پزیشکی، پشکنینی تاقیگەیی، و دابین کردنی دەرمان: 2200 کەس، کە زۆربەیان ئافرەت بوون، یارمەتیان درا لەو ماوەیەدا.

لە گەڵ تەواوبوونی پڕۆژەی سەرەتایی لە کانوونی یەکەمی 2007، K4IWS نۆرینگەی پزیشکی کردەوە لەسەر داهاتی خۆی تا حوزەیرانی 2008 – دانیشتوانانی ناوخۆ ئاوسان بە گەیشتنی خەڵکی راگوێزراو – کاتێك کە پارەیان پێدرا لەرێگای ERF بۆ پاڵپشتی کردنی نۆرینگە پزیشکیەکەیان (کە بریتی بوو لە دابین کردنی ئامێری سۆنار، و هێلکاری دڵ، و دامەزراندنی پزیشکێکی ددان)، هەروەها بۆ فراوانکردنی چالاکیەکانیان کە سەبەتەی خۆراك بگرێتەوە و بەرنامەی هۆشداری فێرکاری کە جەخت بکات لەسەر بەرزکردنەوەی هۆشداری کۆمەڵگا سەبارەت بە تەندروستی و پاك و خاوێنی کەسی. پەیوەندی نزیك بە کۆمەڵگای ناوخۆ رێی خۆش کرد بۆ K4IWS کە پلان دانێت بۆ بەهاناهاتنەکانی لە گەڵ ئەو دانیشتوانانەی ئاماژەیان کرد کە نەخۆشیە درمەکانی وەك جگەر ئاوسان، و نەخۆشی جگەری ڤایرۆسی، و نەخۆشی بۆڕی مێز، و نەخۆشیەکانی پێست کێشەیەکی گەورە بوون. خراپی جۆری ئاو و کارپێکردنی تەندروستی لاواز لە نێوان کۆمەڵگادا بەهۆی سەرەکی بڵاوبوونەوەی ئەو نەخۆشیانە دانرا. هەروەها K4IWS هەڵستا بە دابەشکردنی 1500 سەبەتەی خۆراك بۆ ئەو خێزانانەی بێ خۆراك بوون، هەروەها بۆ هەتیو و بێوەژن و ئەو خێزانانەی بەخێوکەریان نەبوو و پەککەوتە و بەساڵاچووان بۆ داپۆشینی ئەو کەم و کورتیەی لە سیستەمی دابەشکردنی گشتی هەیە، ئەمەش بریتی بوو لە پێشکەش کردنی خواردنی بەیانی بۆ نزیکەی 70٪ ی منداڵانی قوتابخانە لە شارەکە (گشت چالاکیەکان بە هەماهەنگی بوو لەگەڵ WFP).

ئەگەرچی ئێستا پارەی پێنادرێت لەلایەن ERF، K4IWS بەردەوامە لە پێشکەش کردنی یارمەتی پزیشکی و بەرنامەکانی هۆشداری لە پێنج شاری عیراق (بەغدا، ئەلئەدیال، ئەلدۆرە، ئەبو غرێب، فەللوجە، و نەینەوا) کە تیایدا بەردەوام بوو لە پتەوکردنی پەیوەندیەکانی لە گەڵ دەسەڵات و کۆمەڵگای ناوخۆیی.

## پرۆسەی بانگەوازی یەکگرتووی CAP 2008 و 2009

**بانگـەوازی یـەکگرتوو 2009، کۆڵەکـەی 1 بـۆ عـیراق ئـەمڕۆ گەیشـتۆتە 27٪، بـە وەرگرتنـی 51,324,344 دۆلاری ئـەمریکی تـا ئێسـتا لـە بـڕی 192,334,256 ملیۆن دۆلاری ئەمریکی داواکراو.**

**بانگەوازی یەکگرتوو، کۆڵەکەی 2 بۆ پەناهەنـدە عیراقیـەکان لـە ناوچـەکە گەیشـتۆتە 13٪ وەك ڕاگەینـدرا، بـە وەرگرتنـی 98,641,184 لـە بـڕی 547,342,760 ملیۆن دۆلاری ئەمریکی داواکراو.**

**ژمارەکان بە پێی زانیاری بەردەستە. ووردکاری زیاتر دەست دەکەوێت لە خزمەتگوزاری بەدوواداچوونی دارایی لەسەر سایتی بەهاناهاتن:**

http://ocha.unog.ch/fts2/pageloader.aspx?page=emerg-emergencyDetails&appealID=835

## پاشکۆ 1

## پارێزگاکان و چالاکیە پەسەندکراوەکانی ERF (تا شوباتی 2009)




دانراوە لە لایەن OCHA، شوباتی 2009

**بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ERF، تکایە پەیوەندی بکە بە**

**لینا سونناع، خاڵی پەیوەندی بەخشین،** sunna@un.org **و / یا یاسمین ڕوکن فیلر،** rochenfeller@un.org OCHA OiC

OCHA United Nations Office for the Coordination of Humanitarian Affairs